# ئەوەی لەسەر پشتیەتی لای ببەن وبەرەڵای بکەن؛ چونکە نەفرەتلێکراوە

له عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەرێکیدا بوو، وئافرەتێک لە ئەنساڕەکان لەسەر پشتی وشترێک بوو، وشترەکە بێزاری کرد؛ بۆیە ئافرەتەکەش نەفرەتی لێیکرد (لەعنەتی لێیکرد)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بیست وفەرمووی: «ئەوەی لەسەر پشتیەتی لای ببەن وبەرەڵای بکەن؛ چونکە نەفرەتلێکراوە»، عیمران دەڵێت: وەکو ئەوە وایە ئێستا ببینم (وشترەکە) لە نێو خەڵکیدا دەڕوات وکەس نایەوێت.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە سەفەرێکی بە کۆمەڵدا؛ وئافرەتێک لە ئەنساڕەکان لەسەر پشتی وشترێک بووە، وشترەکە ماندوو بوو وئەمیش ئافرەتەکەی بێزاری کرد؛ بۆیە ووتی: نەفرەتت (لەعنەتت) لێبێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بیست وفەرمانیکرد هەرشتێک یان کەسێک لەسەر پشتیەتی لای ببەن وبەرەڵای بکەن؛ چونکە نەفرەتلێکراوە. عیمران -ڕەزای خوای لیبێت- دەڵێت: وشترەکەم بینی لە نێو خەڵکیدا ڕێی دەکرد وکەس نەیدەویست؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بەرەڵا بکرێت و وازی لێبهێنن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6987

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee